# ئەگەر پیاو بچێتەماڵەوە، وناوی خودا بهێنێت لە کاتی چوونە ژوورەوەی ولەکاتی خواردنی، ئەوا شەیتان دەڵێت (بە هاوڕێکانی): ئیمڕۆ هیچ شوێنێکی خەوتن وهیچ خواردنێکتان بۆ نییە

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەگەر پیاو بچێتە ماڵەوە، وناوی خودا بهێنێت لە کاتی چوونە ژوورەوەی ولەکاتی خواردنی، ئەوا شەیتان دەڵێت (بە هاوڕێکانی): ئیمڕۆ هیچ شوێنێکی خەوتن وهیچ خواردنێکتان بۆ نییە، وئەگەر بچێتە ژوورەوە وناوی خودا نەهێنێت، شەیتان (پێیان) دەڵێت: شوێنی خەوتن وخواردنتان بۆ هەیە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بە یادکردنی خوای گەورە لەکاتی ویستی چوونە نێو ماڵ، وپێش خواردن، ئەگەر یادی خوای گەورە بکات بە ووتنی: (بسم الله) ؛ لەکاتی چوونە نێو ماڵ و لەکاتی دەستپێکردنی خواردن، شەیتان بە هاوڕێکانی دەڵێت: ئیمڕۆ هیچ شوێنێکی خەوتن وهیچ خواردنێکتان بۆ نییە لەم ماڵەدا، چونکە خاوەنەکەی خۆی پاراستووە لە شەیتان بە یادی خوای گەورە -سبحانە وتعالى-. بەڵام ئەگەر پیاو یادی خوای گەورە نەکات لەکاتی چوونە نێو ماڵ و لەکاتی خواردن، شەیتان بە هاوڕێکانی دەڵێت: شوێنی خەوتن وخواردنتان بۆ هەیە لەم ماڵەدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3037